# ئابووری میدیا
# Media Economics

پ.ی.م.هەردەوان مەحمود
بەشی ڕاگەیاندن
قۆناغی سێیەم

# گرنگی ئەم بابەتە

- زاڵبوونی بنەما ئابوورییەکان بەسەر زۆربەی کاروچالاکییەکاندا، ئەو خاڵە دەدات بەدەستەوە کەبەهێزی و باڵادەستی ئابوورییە.
- چالاکی ئامرازەکانی میدیا بەتێپەڕبوونی کات بەهاو بایەخیان زیاتر دەبێت، ئەوەش بەهۆی ئەو سروشتە ئابوورییە گەشەسەندووەی ئامرازەکانی میدیا و سەرهەڵدانی تۆڕی میدیایی گەورەو فروان، وایکردووە میدیا ڕەهەندێکی ستراتیژی.
- دەزگا میدیاییەکان ناوەندێکی پڕ بەهایە بۆ میدیاکاران، بەجۆرێک وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی داهات،و هەندێجاریش لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ڕۆڵی بازاڕێک دەبینێت بۆ بەیەک گەیشتنی کڕیارو فرۆشیار.
- زۆربەی ئەو بڕیارانەی دراوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە دامەزراوەکانی میدیا بەڕێوەدەبەن، کەم تا زۆر کارتێکراوە بەسەرچاوە داراییەکان، کەواتە ئابووری وەک بنەمایەک زۆر پەیوەستە بەو تێگەیشتنەی کە چۆن میدیا بەهێز دەبێت هەروەها پیشەسازییەکان چۆن کاردەکەن لەسایەی ئەو میدیایەدا.
- گەشەکردنی پیشەسازی میدیا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا تێکڕا ساڵانە بەڕێژەی 19% زیاد دەکات، واتە ساڵانە بەبڕی 10ملیار دۆلارە.
- ژمارەی هێزی کار لە ئەوروپا لەبواری میدیا دەگاتە (4 ملیۆن) هاووڵاتی.

# ئامانجی ئەم بابەتە

- فێرخوازان تێبگەن لەگرنگی هەموو ئەو توێژینەوەو بەدواداچوونانەی ئابووری بۆ میدیا، بەئابووری میدیا ناودەبرێت، کە ئەمیش توێژینەوەی ئابووری لەگەڵ توێژینەوەی میدیا پێکەوە دەبەستێتەوە.
- بزانن کە ئابووری میدیا پەیوەندی بەگۆڕینەوەی هێزەکانی ئابووری لەهەڵبژاردنی بەڕێوەبەرەکان، میدیاکارەکان هەروەها بڕیاردەرەکانی میدیا ئاراستە دەکات و دەیانسەپێنێت.
- فێرخوازان بەئاگابن لەوەی ئەو سروشتە زیندووەی ئامرازەکانی میدیا هەیەتی بەهۆی دوو هۆکارەوەیە: 1.بەرهەمهێنان، 2.بازاڕ. تواناکانی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی میدیا بەهەرچوار جۆرییەوە نەرمی نواندنی هەیە لەخستنەڕوودا بەجۆرێک کە توانیویەتی ئەو زیادبوونە لەخواستدا پڕبکاتەوە کە بۆ بەرهەمی ئامرازەکانی میدیا دروست دەبێت لەڕووی چەندێتی وچۆنییەتی. هەروەها لەڕوی بازاڕیشەوە بەرهەمی ئامرازەکانی میدیا جۆرێک لەخۆگونجاندن تیادایە بەپێی پێویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە.

# سەرچاوەکان

1.گۆران مستەفا: ئابووری میدیا ،گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە(4)، 2005.

2. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە: مافی گەیاندن؛ میدیاجەماوەرییەکان و گەشەسەندی ئابووری، چاپخانەی شەهید ئازادهەورامی، 2010.

3.د.نرمين محمد الرماني: إقتصاد الاعلام أسرار و أخبار، مكتبة الرشد،2005.

4.د.عاشور فني: إقتصاديات وسائل الاعلام المرئية والمسموعة، سلسلة بحوث ودراسات إذاعية، 2012.

5.د.سهام الشجيري، اقتصاديات الاعلام، دار الكتاب الجامعي في لبنان والامارات، 2014.

6.د.محمد سيد محمد: إقتصاديات الاعلام (المؤسسة الصحفية), دارالفكر العربي, 1991.

7. جيليان دويل, ترجمة: محمد عبد الحميد: مداخل حديثة في اقتصاديات وسائل الاعلام, دارالفجر للنشر و التوزيع, 2015.

8. إبراهيم أحمد إبراهيم: إقتصاديات صناعة الصحافة, العربي للنشر والتوزيع, 2000.

9. د.عصام الدين فرج: إقتصاديات الإعلام (الجزء الأول), مركز المحروسة للنشر, 2003.

# بەشی یەکەم
# ئابووری میدیاو گەشەسەندنی پیشەسازی میدیا

# ڕەهەندو گۆشەنیگا جیاوازەکانی میدیا

- ❖ تێگەیشتن لە میدیا و دراسەکردنی تەوەری سەرەکی بابەتەکەمانە، بۆیە دەبێت ئاشنابین بەڕەهەندو گۆشەنیگا جیاوازەکانی میدیا، لەمڕوانگەوە دەبینین:
- ▪ گۆشەنیگایەکی مێژوویی: ئەم گۆشەنیگایە دیراسەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی مێژویی دیاردە میدیاییەکان و گۆڕانکارییەکانی میدیا دەکات.
- ▪ گۆشەنیگای یاسایی: لەم گۆشەنیگایەوە دیراسەی ڕێکخستنی میدیا دەکات لەتێڕوانینی دادوەری و قەزائییەوە، لەچوارچێوەی سیستمە سیاسییە جیاوازەکاندا.
- ▪ گۆشەنیگای ئاماریی: لەم گۆشەیەوە بەشێوەی ئەزموونی(تجريبي) دیراسەی ڕیلەیشن و پەیوەندی و ڕۆڵ و کاریگەری دەکات لەنێوان بوارەکانی میدیا.
- • گۆشەنیگای ئابووری: کە ئەمیش گرنگی دەدات بەدیراسەکردنی میدیا لەڕوی کارگێڕییەوە، بەواتای بەدیهێنانی ئامانجی ئامرازەکانی میدیا لەچوارچێوەی چالاکی ئابووریدا بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییە مرۆییەکان.
- ❖ لایەنی سەرەکی گۆشەنیگای ئابووریش بۆ میدیا چڕ دەبێتەوە لە (بەرهەمهێنانی میدیا، دابەشکردن(بازاڕ)، بەکاربردن(کاریگەری لەسەر خەڵک)).

# سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئابووری میدیا

- لە 23–10–1991 لە هۆڵێکی باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، کۆبوونەوەیەک سازکرا کە نوێنەری 166 دەوڵەتی لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆگرتبوو. کۆبوونەوەکەش بۆ گوێگرتن بوو لە گوتاری "جۆرج بۆش"ی سەرۆکی ئەمەریکا. لەبەشێکی وتارەکەیەدا: "شۆڕشی گەیاندن ئەو بەربەست و سنورە سەپێنراوانەی نێوان گەلانی دنیای تێکشکاند، نەزانی تێکشکاند، لە زۆربەی وڵاتاندا تەکنەلۆژیا لەئاستێکی بەرزی پێشکەوتندایە بەجۆرێک ئەو گریمانە هاتووەتەدی: کە"سەردەمی زانیاریی بەهەمان ئەندازە سەردەمی ئازادییە" . واتە ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین سەردەمی گواستنەوەی ئازادانەیە بۆ فکرومەعریفە، هەروەک چۆن سەردەمی گواستنەوەی ئازادانەیە بۆ کاڵاکان.

# سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئابووری میدیا

- بابەتی ئابووری میدیا لەگەڵ شۆڕشی گەیاندن و ئەو گەشەسەندنە خێرایەی پیشەسازی میدیادا سەریهەڵدا. هەر بۆیە لە توێژینەوە کۆنەکانی پێشتری میدیا، ئابووری میدیا جێی بایەخ و سەرنجی توێژەران نەبوو، چونکە 1تێچووی میدیا بەر لەهاتنەکایەی ئامێری چاپ، ئامێری ڕادیۆ، ئامێری تەلەفزیۆن، تۆڕەکانی ئینتەرنێت شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە شایستەی لێتوێژینەوە بێت. هەروەها 2-لەم کاتەدا میدیا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو چ لەسەر تاک چ لەسەر کۆمەڵگە.
- لەپاش ئەم قۆناغەوە گرنگیدان بە ئابووری میدیا بووە جێگەی سەرنج و بایەخ لەناو زانستی: میدیا، ئابووری، کارگێڕی. تاوەکو بۆ توێژەران ڕون ببێتەوە بەرهەمی میدیا: (1.چۆن بەرهەم دێت؟ ، 2.چۆن بەکاردەبرێت؟ ، 3.چەند خەرج دەکات بۆ دەستخستنی؟ ، 4.کێ گرنگی بە بابەتە میدیایەکان دەدات؟، 5.لە چ کاتێک بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی قازانج بەخشە؟)

# چەمکە سەرەکییەکانی ئابووری میدیا

- زانستی ئابووری(Economics): ئەو زانستەیە کە بایەخ بەو توێژینەوانە دەدات کە بەکاربەر چۆن باشترین هەڵبژاردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمی دەرامەتەکان و زۆری پێداویستییەکان بکات. چونکە وەک دەزانین تەنها پرەنسیپێک کەبووەتە هۆی بەردەوامی و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی بریتییە لە نەبوونی، کەمی، کەموکورتی، دەگمەنی، هەروەها بێسنوری ئارەزوو خواستەکانمان.
- ئابووری میدیا(Media Economics): ئەو پسپۆرییەیە کە لەهەموو سەرچاوەکانی پارەدان(تمویل) و سەرمایە دەکۆلێتەوە و هەروەها لە داهات و خەرجییەکانی ئامرازەکانی میدیایش دەکۆڵێتەوە بەمەبەستی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان لەسەر بنەمایەکی ئابوورییانەی دروست، بەئامانجی مانەوەو بەردەوامی پرۆژە میدیاییەکان و سەرکەوتنی لەڕووی ئابوورییەوە.
- لقێکە لە لقەکانی ئابووری پراکتیکیی(Applied Economics)، کە لە (بەرهەمهێنان) و (دابەشکردن) و (بەکاربردن)ی ناوەرۆک و پێکهاتەکانی ئامرازەکانی میدیا دەکۆلێتەوە.

# چەمکە سەرەکییەکانی ئابووری میدیا

- **بەرهەمی میدیایی(Media Production):** پرۆسەی ڕێکخستنی کارو هەماهەنگییە لەنێوان هۆکارەتەکنیکی و هونەرییەکانی بەرهەمهێناندا لەچوارچێوەی بودجەیەکی دەستنیشانکراودا. ئەم بودجەیەش هەموو خەرجییە مادیی و هونەری و تەکنیکی و مرۆییەکان دەگرێتەوە. نمونەی بەرهەمی میدیایی وەک: هەواڵ، ڕووداو، ڕاپۆرت، ڕاپۆرتەهەواڵ، ڕیپۆرتاژ، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، دیکۆمێنتاری، دراما، فیلم، پۆست، لایڤ، ڕیکلام، گۆرانی...هتد
- **دابەشکردن(Publishing/Broadcasting):** توانای دامەزراوەکانی میدیا بۆ گەیاندنی بابەتەکان بە جەماوەر لەڕێی ئامرازوفۆرمە جیاوازەکانی میدیاوە.
- **بەکاربردن(consumption):** ڕادەی پەسەندکردنی جەماوەر بۆ ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی، شێوەو فۆرمی ئەو پەیامە میدیایەی کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت. (ڕۆڵ و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی پەیامی میدیایی لەسەر خەڵک)

# چەمکە سەرەکییەکانی ئابووری میدیا

- **دامەزراوە:** بریتییە لەکۆمەڵێک هۆکاری مادی و مرۆیی کاردەکەن لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، وەک دامەزراوەی: میدیایی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، ڕیکخراوە قازانج ویست و قازانج نەویستەکان..هتد.
- **دامەزراوەی میدیایی:** مەبەست لە دامەزراوەی میدیا ئەو دامەزراوەیە کە بەرهەمی میدیا بەرهەم دێنێت و پەخشی دەکات، ئەم یەکە ئابوورییەش شێوازێکی یاسایی و سەربەخۆیی کارگێڕی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت بەوجۆرەی کە گونجاو بێت بۆ دامەزراوەکە. واتە دامەزراوەکە یاسایەکی تایبەت لەناوخۆو لەدەرەوە ڕێکیدەخات و بەڕێوەی دەبات، هەروەها ڕەچاوی نەریتەگشتییەکانی کۆمەڵگەش دەکات.
- **کارگێڕی:** پرۆسەی دارِشتنی ژینگەیەکی کارکردنە، کە تاکەکان بتوانن پێکەوە کاربکەن، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دامەزراوەکەو کارەکەیان بەشێوەیەکی کارامە.
- **کارگێڕی دامەزراوەکانی میدیا:** بوارێکی توێژینەوەی فرەپسپۆرییە دەکۆڵێتەوە لەوەی کە چۆن دامەزراوەکانی میدیا بەرهەمەمیدیاییەکان بەکاردەهێنن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و خواستە فکری ومەعریفیەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو.

## هۆکارەکانی گرنگییدان بە توێژینەوە لە دراسە و شرۆڤەکردنی ئابووری میدیا

لە چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، گرنگییدان بە توێژینەوە لە دراسە و شرۆڤەکردنی ئابووری میدیادا بەشێوەیەکی بەرچاو قوڵبوویەوە لەبەر چەند هۆکارێک گرنگترینیان:

1–زیادبوونی ڕێژەی وەبەرهێنان لەبوارە جیاوازەکانی میدیا. قازانجی تەنها یەک ڕۆژنامە بەنمونە (نیۆرک تایمز)ی ئەمریکیی، 12.3ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا، و داهاتی ڕیکلامی ئەم ڕۆژنامەیە 175ملیۆن دۆلارە، تێکڕای دابەشکردنی ڕۆژانەی 180هەزار دانەیە، تێکڕای دابەشکردنی هەفتەنامەکەی کە تەنها ڕۆژانی یەکشەممان دەردەچێ 1453000 دانەیە.

2–بەشداریکردنی حکومەتە جیاوازەکان لەم چالاکییە ئابوورییەدا. ئەم بابەتە لەناو وڵاتە کۆمینیزمییەکاندا سەریهەڵدا، بەتایبەتی لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو کە زیاتر لە 8500 ڕۆژنامە دەردەچوو، ژمارەی تیراژی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زیاتر 305.9 میلۆن دانەبوو لەڕۆژێکدا، ڕۆژنامەی (برافدا) ڕۆژانە 9.6ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکرا، (أزفیستیا)ش 8ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکراو دابەشدەکرا.

3–ئاستەنگ و گرفتەکانی بەرهەمهێنانی میدیا. گرفت و ئاستەنگەکانی بەرهەمهێنانی میدیا لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا تەواوجیاوازە لە وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا هەروە گرفتەکان جیاوازن لە وڵاتە پاشکەتووەکاندا یاخود لە ووڵاتە ئیسلامییەکاندا.

4– بەرزبوونەوەی گەشەسەندنی ئابووری ووڵاتانی جیهان.

5– پێشکەوتنی یەک لەدوای یەکەکانی بواری تەکنەلۆژیا. بووە هۆی ئەوەی زیاتر گرنگی بە ئامرازەکانی میدیا بدرێت. نەک تەنها لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکن بۆ زانیاری و بەزمەسات بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی ئابووری زەبەلاح تەماشا دەکران.

# پیشەسازی میدیا

- لە سەردەمی ئێستادا پیشەسازی میدیا بە یەکێک لە بونیادە پیشەسازییە بەهێزەکانی جیهان هەژماردەکرێت. سەرچاوەی بەهێزییەکەشی تەنها لەو 1.بڕە زۆرە داراییەدا نییە کە وەبەرهێنانی پێوەدەکرێت لەمبوارەدا، بەڵکو بەهۆی 2.ئەو کاریگەرییە زۆرەی کە هەیەتی چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی جەماوەر و حکومەتەکان.
- بەهۆی ئەم گۆڕاوانەوە چەمکێکی نوێ سەریهەڵدا کە ئەویش چەمکی "ئابووری ڕاگەیان"ـە، کە گرنگی بە کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان دەدات لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەچوارچێوەی ئەو چالاکییە ئابوورییانەی کە بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستی خوێنەر، بینەر، بیسەر بە خزمەتگوزاریی میدیایی باش و دروست، هەروەها بەدیهێنانی داهاتی دارایی بۆ پاڵپشتیی و بەردەوامبوونی ئەم چالاکییە.

# ئەو هۆكارانەی بوونە هۆی ئەوەی میدیا ببێتە پیشەسازی و ئابووری تایبەتی خۆی هەبێ

1–میدیا بووەتە کاڵایەک هاوشێوەی هەر کاڵایەکیتر کە مەرجە بنەڕەتییەکانی کاڵای تێدایە کە بەلای ئابووریناسەکانەوە جێی بایەخ و توێژینەوەیە.

2–ئامانجی بەرهەمهێنی میدیا هاوشێوەیە لەگەڵ ئامانجی بەرهەمێهنی هەرکاڵایەکیتر، لەگەڵ جەختکردنەوە لەو تایبەتمەندییەی کە پەیوەستە بە ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکە و ئەرکەکانی بەرامبەر تاک و کۆمەڵگە. واتە ئامانج لەپڕکردنەوەی پێداویستی مەعریفی و هەروەها بەدەستهێنانی قازانج، کە پێوەرە بۆ بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەک.

3–کارگێڕی و بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان بەچالاكییەكی داهێنانکارانەی کارگێڕی دادەنرێت، ئەگەر لە واقیعیشدا سەرنج بدەین دەبینین زۆربەی بەڕێوەبەری دامەزراوە میدیاییەکان کەسانی داهێنەر و بەرهەمهێنی هزرن.

4–بەڕێوەبەری دامەزراوە میدیاییەکان ڕۆڵی ئامادەکردن و ڕەخساندنی ئەو ژینگە کارگێڕییە لەبارە دەگێڕن کە توانای بەکۆمەڵ کارکردن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی بەکۆمەڵدا بێت.

5–فراوانبوونی ڕۆڵی ئابووری لە پیشەسازی میدیایی و بە تایبەتمەندبوونی چالاکیی میدیایی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی.

# تایبەتمەندی پیشەسازی میدیا

1–هۆکارەکانی بەرهەمهێنان:

پیشەسازی میدیا هاوشێوەی پیشەسازییەکانیتر پێویستی بە پێنج هۆکارە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنان هەیە کە بریتین لە: سەرمایە، کار، کارگێڕی، کەرەستەی خاو، ئامێر. بەڵام لە پیشەسازی میدیادا هۆکارەکانی بەرهەمهێنان شێوازێکی جیاوازتریان هەیە، بۆ نمونە سەرمایە لەبەر فراوانی ئەو سەرمایەیەی کە لەمجۆرە پیشەسازییەدا وەبەرهێنانی پێوە دەکرێت ئەستەمە کەسێک خۆی بەتەنها بتوانێ وەبەرهێنان لەمجۆرە پیشەسازییەدا بکات بەتایبەتی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا.

2–گرنگی کات بۆ بەرهەمی میدیایی: تایبەتمەندی زووبەسەرچوون، سروشتی بەرهەم و بابەتە میدیاییەکان بەجۆرێکە لە وادەیەکی زۆرکەمدا بەسەردەچێت بەتایبەتی هەواڵ. هەرئەوەش وایکردووە کات ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە پیشەسازی میدیادا هەبێ بە بەراورد بەپیشەسازییەکانیتر، چونکە لە پیشەسازی میدیادا ڕکابەرییەکی زۆرتوند هەیە لە زوو گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری و جەماوەرو پێشڕەوی ڕۆژنامەوانی(سبق صحفي) هەروەها ڕکابەری لەنێوان دامەزراوە میدیاییە بیستراو و بینراو چاپکراو ئەلیکترۆنییەکاندا.

# تایبەتمەندی پیشەسازی میدیا

3–مەترسی و ڕیسک: لە پیشەسازی میدیادا ڕێژەیەکی بەرز لە ڕیسکو مەترسی تێدایە و بەچەندەها شێوەی جیاواز. پیشەسازی میدیا بەبێ میدیاکار هیچ واتایەکی نییە، چونکە میدیاکار ئاستی دامەزراوەکە و قەبارەی جەماوەر و قەبارەی ڕیکلام و قەبارەی قازانج دیاریدەکات. چونکە ئەمجۆرە پیشەسازییە پشت دەبەستێت بە داهێنانی هزری مرۆیی لەگەڵ ئەو بابەتانەی پێشکەش دەکرێن لەکۆتاییدا.

4– تایبەتمەندی بەرهەمی هاوبەش(داهاتی دابەشکردن + داهاتی ڕیکلام):

دەرچوواندنی هەر ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک یاخو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی خۆی لەخۆیدا پێشکەشکردنی دوو بەرهەمە لە هەمانکاتدا بابەتی نووسین وەک: هەواڵ و ڕیپۆرتاژو بەدواداچوون، هەروەها بابەتی ڕیکلام واتە دامەزراوە میدیایەکان لە خستنەڕووی بەرهەمەکانیاندا داهاتێکی هاوبەشییان دەستدەکەوێ. بەڵام بابەتی یەکەمیان بنەڕەتییە کە بەهۆیەوە جۆری ڕۆژنامەکە و تایبەتمەندی خوێنەرەکانی دیاری دەکرێت لەڕووی ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر جۆری ئەو کاڵایەی کە ڕیکلامی بۆ دەکرێت و هەروەها لەسەر ڕووبەری ڕیکلامەکە و هەروەها کاریگەری لەسەر نرخی ڕیکلامەکەش هەیە. واتە نرخی هەر دانەیەک لە ڕۆژنامە بریتییە لە: (نرخی ڕۆژنامەکە + پشکی لە داهاتی ڕیکلامەکان).

# تایبەتمەندی پیشەسازی میدیا

5– گرنگی بەدەستهێنانی قازانج بۆ دامەزراوە میدیاییەکە.

دامەزراوەی میدیایی بۆ ئەوەی بتوانی لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکەی بەردەوامبێ دەبێ جگە لە چالاکی ڕۆژنامەوانی چالاکیتریش ئەنجام بدات بۆ بەدەستهێنانی داهات و پڕکردنەوەی خەرجییەکان. چونکە هەر دامەزراوەیەکی میدیای کە تەنها کاری ڕۆژنامەوانی بکات مەترسی ڕووبەڕووبوونەی زیانی ماددی زیاترە، یەک لەو چالاکییانە بریتییە لە ڕیکلام، فرۆستنی ڕووبەری ڕیکلام، چالاکی چاپکردنی بازرگانی، چالاکی دابەشکردن، بەرهەمهێنانی دراما.

6–پیشەسازی میدیا، پیشەسازییەکە کە هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتییە کە گرنگی دەدات بە پڕکردنەوەی خواستی جەماوەر و خوێنەر.

7–دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی لە داهاتووی پیشەسازی میدیا، بەهۆی سەرهەڵدانی میدیای نوێ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

# ئایا میدیا لەهەرێمی کوردستاندا بووەتە پیشەسازی؟

**بۆ بەپیشەسازیکردنی هەر بابەتێک چەند بنەماو هەنگاوێک پێویستە:**

1. **کێ مافی ئەزموونکردنی پیشەکەی هەیە؟**
2. **ڕۆڵی حکومەت و سەندیکاو یاساو ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی پیشەکە.**
3. **شێوازی بەڕێوەبردنی پیشەکە و پاڵپشتیکردنی دارایی.**

# بەرهەمی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا

چەندین ئاستەنگ و بەربەستێک لەبەردەم دامەزراوەکانی میدیا هەیە لەهەرێمی کوردستاندا ئەمەش وایکردووە دامەزراوەکانی میدیا وەک پێویست نەتوانن ئەرکی میدیای خۆیان بەجێبگەیەنن و دواجار بەرهەمە میدیاییەکانیان ناتوانێ ڕۆڵ و کاریگەری هەبێ لەسەر دروستکردنی ئاگایی و هۆشیاری و پەروەردەو ڕۆشنبیری و پەرەپێدان، لەدیارترین ئەو ئاستەنگانەش::

1. نەبوونی ویست ئیرادەیەکی سیاسی بۆ باشترکردنی بەرهەمی میدیا.
2. نەبوونی سەقامگیری سیاسی و کارگێڕی.
3. هەبوونی بیرۆکراسی کارگێڕی لە دامەزراوەکانی میدیا.
4. خراپ پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ دامەزراوەکانی میدیا.
5. خراپی ژینگەی کارکردن لەبواری میدیا.
6. نەبوونی سیستمێکی گونجاو بۆ دیاریکردنی ئەرک ومافی میدیاکاران.
7. نەبوونی هەماهەنگی و خراپی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی میدیاو ناوەندە ئەکادیمییەکانی پێگەیاندنی میدیاکاران.

# جۆرو تایبەتمەندی بەرهەمی میدیا

- کتێب و سی دی: بەکاربەر نرخەکەی دەدات و دەبێتە خاوەنی کۆپی تایبەت بەخۆی و هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی و بەکاریبهێنێت.
- چاپکراو (ڕۆژنامەگەری) : خوێنەر بەشێکی نرخەکەی دەدات، بەشەکەی دیکەی لەلایەن ڕیکلامکارو سپۆنسەرەکانەوە دەدرێت یاخود دەوڵەت بەشێوەی هاوکاری دەیدایت لەبەرامبەردا خوێنەر دەبێتە خاوەنی ژمارەیەکی تایبەت بەخۆی و بەکاردێت تا کاتی دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ، واتە بۆ ماوەیەکی کاتییە.
- پەخش (تەلەفزیۆن و ڕادیۆ): بەشێوەیەکی گشتی وەرگرتنی بەرهەم بەخۆڕاییە بۆ بینەر یان بیسەر، نرخی بەرهەمەکە لەلایەن ڕیکلامکارو سپۆنسەرەکانەوە دەدرێت، بەڵام بەکاربەر کۆپی خۆی دەستناکەوێت.
- بەرهەمی میدیای نوێ: بەرهەمەکانی میدیای نوێ بەزۆری لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر کاردەکەن. چونکە لەسەر دەستی کەسانیک بوون، کە باوەڕیان بە فەراهام کردنی تەکنەلۆژیا هەیە بۆ هەمووان. سەرجەم بەرهەمەکانی میدیای نوێ بەکۆمەڵێ ڕیساو پۆڵسی ڕێکخراوە، کە لەلایەن بەرهەمهێنەرەکانیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

# بەشی دووەم
# ئازادی کارکردنی میدیاو پەیوەندی بەدەسەڵاتی حوکمڕانەوە

# ئازادی کارکردنی میدیاو پەیوەندی بەدەسەڵاتی حوکمڕانەوە

- گومان لەوەدا نییە کە لە وڵاتانی دیموکراسییدا ئازادی زیاتر بۆ کاری میدیایی هەیە, بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئازادی میدیا هاندەری زیاتری دیموکراسییە یان دیموکراسی کارا هاندەرە بۆ ئازادی زیاتری کاری میدیا؟ دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکە بەهەردوو ئاراستەدایە، ئازادی میدیا و دیموکراسی پلە بە پلە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر دەگۆڕێت و وڵاتانی نادیموکراسیش لەم ڕووەوە ڕێژەیین لە لێبوردەییدا لە ئاستی ئازادی میدیادا.
- لەم سۆنگەیەوە گرنگە تیشک بخەینە سەر هۆکارەکانی پەیوەست بە:
- سەربەخۆیی و جۆرێتی بڵاوبوونەوەی میدیاکان.
- شێوازی خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان.
- فەلسەفەی میدیا و ڕادەی کۆنترۆڵکردنی میدیا لە سیستەمە سیاسیەکاندا

# یەکەم: سەربەخۆیی و جۆرێتی

- سەربەخۆیی ئاماژەیە بۆ توانای پیشەی میدیا بە گەیاندنی زانیارییەکان و وەرگرتنیان بەبێ ترس لە کەوتنەبەر سزادان. هەروەک ئاماژەیشە بۆ ئەو جۆرە میدیایانەی لەلایەن هیچ کۆمەڵەیەکی بەرژەوەندییەوە کۆنترۆڵ نەکراون و دەروازەی خۆیان هەیە بۆ گەیشتن بە زانیارییە پێویستەکان. دیارە میدیای تەواو سەربەخۆ لە ئارادا نییە تەنانەت ئەگەر حکومەتیش ڕاستەوخۆ سزای ئەو میدیایانە نەدات کە هەواڵ یان بابەتێکیان بڵاوکردۆتەوە و حکومەت نەیدەویست بڵاوبکرێتەوە.
- سەربەخۆیی میدیا خاڵێکی گرنگە کەمتمانە دەدات بەو زانیارییانەی بڵاویدەکەنەوە، چونکە جەماوەر بێلایەنی بابەتیبوون لەزانیارییەکاندا بەدیدەکەن. چەند هۆکارێک ئاست و ڕادەی سەربەخۆیی پەیامی دامەزراوە میدیاکان دیاری دەکەن:

1.چوارچێوەی خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکە.

2.بونیادی ئابووری و دەستەبەرکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ دامەزراوە میدیاییەکە.

3.ئەو یاسایانەی گەیشتن و بەرهەمهێنانی زانیارییەکان و چوونە نێو پیشەی میدیاو ناوەرۆکەوە ڕێکدەخەن.

4.سیاسەتە پەیوەستەکان بەو پیشەسازییانەی پەیوەندییان بە میدیاکانەوە هەیە.

# دووەم: خاوەنداریێتی دامەزراوە میدیاییەکان

- خاوەنداریێتی دامەزراوە میدیاییەکان گوزارشتە لە ئازادی کاری میدیایی، هەردووکیشان ئاماژەن بۆ ئەو تیۆرە باوەی میدیا لە کۆمەڵگەدا. واتە ڕەنگدانەوەی سیستمی سیاسیشە بەهەموو پایە جیاوازەکانییەوە لەڕووی ئابووری، ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە پەیوەندی نێوان خاوەنداریێتی و ئازادی میدیایی بابەتێک نییە جێی مشتومڕبێ بەڵکو هەموو قوتابخانەکان ئەم پەیوەندییە پشتڕاست دەکەنەوە، بەڵام هەر یەکەیان لە دیدوتێڕوانینی خۆیەوە بەرجەستەبوونی ئازادی میدیایی لە شێوازێکی خاوەنداریێتی دامەزراوە میدیاییەکاندا دەبینن.
- بۆ دەرخستنی ڕەهەندە ڕاستییەکانی پەیوەندی نێوان خاوەنداریێتی دامەزراوە میدیاییەکان و ئازادیی کاری میدیای دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تیۆرییەکانی میدیا. مەبەست لە تیۆرییەکان میدیاش: پوختەی دەرئەنجامی توێژەران و پسپۆرانی گەیاندنی مرۆییە بە جەماوەر، بەئامانجی شرۆڤەکردنی دیاردەی گەیاندن و میدیا و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی و پێشبینیکردنی پراکتیزەکردنی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە. واتا وەسفکردنی سیستمەکانی میدیاە لە وڵاتانی دونیا.

## سێیەم: فەلسەفەی میدیا و ڕادەی کۆنترۆڵکردنی میدیا لە سیستمە سیاسیەکاندا

- هەروەک چۆن «Theodore Peterson» و «Wilbur Schramm» لەناو کتێبی (Four Theories of The Press) باسیان لێوەکردووە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان تیۆرەکانی میدیا و فەلسەفەی میدیادا هەیە، چونکە فەلسەفەی میدیا لەو پەیوەندییە مشتومڕیەی نێوان میدیا پراکتیزەکردنی لەکۆمەڵگەدا دەکۆڵێتەوە، واتە شرۆڤەکردنی کارلێککردنی نێوان میدیا وەکو زانست و مومارەسەکردنی فیعلی لەناو واقیعی کۆمەڵایەتی.
- تیۆرییەکانی میدیا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە بە سیاسەتی میدیا لەناو کۆمەڵگەدا، واتە ئازادی میدیا وابەستەیە بەڕادەی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی میدیا لە ڕەهەندی سیاسی و چاودێریکردنی حکومەتەوە لەسەر ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی. بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەش گرنگە تیشک بخەینەسەر هەریەک لە تیۆرییەکانی میدیا و ڕادەی چاودێریکردن و دەست تێوەردانی حکومەت بۆ کاری میدیایی:

# (1)-**تیۆری دەسەڵات** (Authoritarian Theory)

- **ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای بەرگریکردنی پیرۆز لەدەسەڵات و سەردارەکان(حاکم)، هاتە ئاراوە. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت جێگای تاکەکان دەگرێتەوە و دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر میدیادا.**
- **ئەم تیۆرە لەسەر چەند بنەمایەکی هزریەوە سەرچاوەی گرتبوو:**

**أ–سەردارەکان تایبەتمەندی خواوەندیان هەیە.**

**ب–میللەت کۆیلەی سەردارە.**

**ج–سەردار خاوەن مافی یەکەمینە، لە پێدانی جۆری زانیاری و ڕاستییەکان بەهزری کەساکاندا.**

**د–گشت چالاکییە میدیاەکان بەتەنها لەژێر دەسەڵاتی سەردارەکاندا بوون، بەهۆی کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەی ئابووری دامەزراوە میدیاەکان.**

**هـ–ئەرکی سەرەکی میدیا برتییە لە پاڵپشتی کردنی سیاسەتی سەردارەکان و بانگەوازکردن بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتییان.**

# (Authoritarian Theory) تیۆری دەسەڵات-(1)

لەسایەی تیۆری دەسەڵاتدا چەندین کۆت وبەندی جیاواز خرابووە سەر ئازادی میدیا، دیارترین ئەو کۆت وبەندانەش:

- کۆت وبەندی مۆڵەتدان: پێنەدانی مۆڵەتی کاری میدیایی هەتا دڵنیانەبوون لە پشتگیریی تەواوەتی بۆ حکومەت و سیاسەتەکانی.
- کۆت و بەندی چاودێری: ئەمەش لە دەرئەنجامی سەرکەوتوو نەبوون لەکۆت و بەندی مۆڵەتدا بەهۆی پێشکەوتنی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان لە سەدەی شازدهەمدا.
- کۆت و بەندی دادگاکان: لادان لەو چوارچێوەی کە دەسەڵات بۆ کاری میدیایی دیاریکردووە بە خیانەتی گەورە هەژماردەکرا.
- گرتنە بەری پارەپێدان بەنهێنی بۆ کڕینی هەڵوێست و ویژدانی میدیاکارەکان.
- کۆت و بەندی باج: ڕێگایەکیتر بوو بۆ فشارخستنە سەر میدیالەڕێگەی زیادکردنی باج تاوەکو دامەزراوەکە ناچاربکەن ملکەچ بێ بۆ دەوڵەت، ئەم سیاسەتە لە بەریتانیا پەیڕەو دەکرا هەتا ساڵی 1861 کۆتایی کارکردن بەم یاسایە هێنرا.
- لەسایەی تیۆری دەسەڵاتدا خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان خاوەندارێتی تایبەتی یان گشتی بوون بەڵام بەتەواوی ملکەچ بوون بۆ خزمەتکردن بە ئەجێندای دەسەڵاتی سەردارەکان، بەم پێیەش دامەزراوە میدیاییەکان تەنها ئامرازێک بوون بۆ بازاڕسازی سیاسەتی دەسەڵاتی حکومەت و پشتیوانی کردن لێی.

# (2)-تیۆری ئازادی (Libertarian Theory)

- ڕێبازی ئازادی یاخود لیبراڵیزم لەماوەی نێوان سەدەکانی 18 و 19 سەریهەڵدا لەوکاتەدا کە سیستمی سەرمایەداری لەقۆناغی گەشەکردنیدا بوو. چونکە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە ئینگلتەراوە سەریهەڵدا لەژێر ڕۆشنایی دروشمی "مافت هەیە هەرچییەکت بوێت بیکڕیت و بیفرۆشیت لەبازاڕدا، واتە مافت هەیە هزر بدەیتە مرۆڤەکان و هزریشیان لێوەربگریت".
- بنەمای ئەم تیۆرە لەسەر ئەو خاڵە دامەزراوە "کە مرۆڤەکان دروستکراوێکی ژیرن و دەتوانن باش و خراپ لە یەکتری جودا بکەنەوە". هەر لێرەشەوە ڕۆژنامەوانی بەدەسەڵاتی چوارەم ناونرا.

بەشێوەیەکی گشتی بنەما هزرییەکانی تیۆری ئازادی لە چوارچێوەی ئەم بنەمایانەدا خۆی دەبینییەوە:

أ. تاک مافی خۆیەتی بزانێ چی ڕودەدات لەدەوربەری بەبێ هیچ سنور و مەرجێک، واتە هیچ کۆت و بەندێک لەسەر کاری میدیا نییە.

ب. تاکە هۆکار بۆ گەیشتن بەڕاستییەکان لەڕێگەی گفتوگۆی ئازادو کراوەوە دەبێت.

ج. ئەگەر بۆچوونەکانیش جیاواز و دوربوون لەیەکتری، دەبێت دەرفەتی یەکسان بدرێت بەخاوەن بۆچوونەکان تاوەکو تێڕوانینی خۆیان بخەنەڕوو بۆئەوەی هەوڵبدات بۆ باوەڕپێهێنانی ئەوانیتر.

# (2)-تیۆری ئازادی (Libertarian Theory)

- سیاسەتی میدیا لە سایەی تیۆری ئازادیدا لەسەر بنەمای یاسای دارایی و وەبەرهێنانی دارایی دامەزراوە میدیاییەکان بەندە، کە پشت بەم ئاماژانە دەبەستێت:

(أ)یاسایی بازاڕ: بەوپێیەی ئامرازەکانی میدیا لە سیستمی سەرمایەداریدا دامەزراوەی ئابووری و بازرگانین، بۆیە هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ دامەزراوەکانیتر کەواتە یاسای بازاڕ میکانیزمی سەرەکییە بۆ بەڕێوەبردن ئەم ئامرازانە، بەواتایەکیتر ئامرازەکانی میدیا خاوەنداریەتی تایبەتن و ملکەچی یاسای خواست و خستنەڕوون چونکە لەسایەی بارودۆخی کێبرکیدا کاردەکەن.

(ب)ڕیکلام و پڕوپاگەندە: لەچوارچێوەی گەشەکردنی ئابووری سەرمایەداری کە پێویستی بەڕیکلام و پروپاگەندە هەبوو بۆ ئەو کالآیانەی بڕێکی زۆری لێ بەرهەمهاتووە، ڕیکلامی ڕۆژنامەکان بەشێوەکی تایبەت کەڵکی لەم ڕیکلامانە وەرگرت وەک سەرچاوەیەکی دارایی باش، کە ئەمەش بووە پاڵپشتێکی باش بۆ ئەوەی دامەزراوە میدیاییەکان بەهای خۆیان بپارێزن.

- لەسایەی تیۆری ئازادیدا خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان خاوەندارێتی تایبەتی بوو، واتە لە سایەی ئەم تیۆرەدا دەبوو تاکەکان بەهەمووشێوەیەک ڕووبەڕوی حکومەت بووەستن کاتێک بیەوێ دەستوەربداتە کاری میدیایی چ لە ڕێی خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکانەوە یاخود لەرێگەی هاوکاریکردنی دامەزراوە میدیاییەکانەوە بێت.

# 3.تیۆری هاوبەشیی (Communist Theory)

- ئەم تیۆرە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 پەیدابوو بەسەرۆکایەتی «لینین»، بیرمەندەکانی تیۆری کۆمۆنیست پێیانوایە لیبراڵییەت تەنها ئازادی چینی دەسەڵاتدار و بۆرجوازەکانە، نەک ئازادی جەماوەر.
- ئەم تیۆرە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی مارکسییەت، کە ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستییە کە تیایدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکرێ لەڕێگەی دەسەڵات وەرگرتنی چینی کرێکار، بەواتای بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار هەمووکات یاسایەکی حەقیقییە. کە ئەمە بۆچوونی هەریەک لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆش بوو.
- بەشێک لە بیرمەندان پێیان وابوو ئەم تیۆرە هاوشێوەی تیۆری دەسەڵاتە، واتە بەرژەوەندی گشتی و هەیمەنەی دەوڵەت باڵا دەستە لەسەر بەرژەوەندی تاک، تەنها خاڵی جیاوازی نێوان تیۆری دەسەڵات و تیۆری کۆمۆنیستی بریتییە لە خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان. لە سایەی تیۆری کۆمۆنیستیدا خاوەندارێتی دامەزراوە میدیاییەکان لەچوارچێوەی خاوەندارێتی گشتییدابوو تاوەکو پەیامی دامەزراوە میدیاییەکان گوزارشت بێت لە بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردن بە ئامانجە گشتییەکان و دووربێت لەهەموو بەرژەوەندیی و خۆپەرستی تاکەکان.

# 3.تیۆری هاوبەشیی (Communist Theory)

- لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی تیۆری کۆمۆنیستی بۆ ئازادی کاری میدیایی:

أ-دامەزراوە میدیاییەکان، تاک خاوەنداری دەکا لەچوارچێوەی خاوەنداریێتی گشتییدا.

ب-ڕێپێدانی کاری میدیا وابەستەیە بە ڕەزامەندی حکومەتەوە.

ج-وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەخت لەحکومەت بۆ کارکردن لەبواری میدیادا.

د-حکوومەت مافی پێدان و پێنەدانی ئازادی هەیە، هەروەها مافی سزادانی میدیاکارانی هەیە. واتە بوونی سیستمێکی تێکەڵاو لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری لەسەر ڕۆژنامەگەری و ئازادی.

هـ-حکوومەت مافی داخستن و ڕاگرتنی دامەزراوە میدیاییەکانی هەیە.

ز-حکومەت مافی چاودێری کردن و سەپاندنی کۆت وبەندی چاودێری هەیە.

ح-ڕێگەنادرێت ئامرازەکانی میدیا ڕەخنە لە دەوڵەت و حیزب بگرن، تەنها مافی ڕەخنەگرتنیان هەیە لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت.

- بیرمەندەکانی کۆمۆنیزم کاری میدیاییان داناوە بەمیکانیزمی ڕێکخستنی سیاسی، هەروەک بەگوتەی خۆیان دەڵێن میدیا میکانزمێک نییە بۆ پروپاگەندە و جوڵاندنی جەماوەری بەڵکو میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستنی جەماوەری.

## 4. تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی (Social Responsibility)

- تیۆری بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی بیروباوەڕێکی نوێبوو کە لە وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هاتەئاراوە. سەرەتای دەرکەوتنی بیروبۆچوونی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی ( Hutchins Commission) کە لەساڵی 1947 لەلایەن"Robert Hutchins"ی سەرۆکی زانکۆی شیکاگۆ بڵاوکرایەوە، لەدەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کرا لەبارەی ئازادی ڕەها و ئازادی سنوردارەوە.
- بەواتایەکیتر دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان ئازادی و بەرپرسیارێتیدا. چونکە ئەوانەی پشتگیری ئەم تیۆرانەیان دەکرد بڕوایان وابوو ئازادی ڕەها لەکاری ڕۆژنامەوانیدا کارێکی ناپەسەند و نەخوازراوە، چونکە ڕۆژنامەوانیش وەکو هەر پیشەیەکیتر بەهاو پێوەر و ئیتکیی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە ناکرێت میدیاکاران وەبەرهێنان لە ئازادی ڕەهادا بکەن و کەڵکی لێوەربگرن بۆ خراپ بەکارهێنانی لەدژی کەسانیتر، بەڵکو دەبێت سنورێکی دیاریکراو هەبێت کە میدیاکار بۆخۆی دابنێت.

- لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا سەرمایەداری ئاراستەی ڕۆژنامەگەری دەکات، بەڵام بەشێک لەپسپۆرانی ئابووری میدیا لەو باوەڕدابوون کە هزری سەرمایەداری وەکو پێویست خزمەتی بەکۆمەڵگە نەکردووە. هەر ئەمەش وایکرد حکومەت و دەستەکان وابکەن لە ئامرازەکانی میدیا کە ئاستی بەرپرسیاریەتییان بەرزبکرێتەوە. هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی سەبارەت بە کۆمەڵگە بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرەیە، واتە ئامرازەکانی میدیا بەرپرسیاریەتی تاک و کۆمەڵگەی لە ئەستۆدایە.
- بەشێوەیەکی گشتی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک بنەمای گرنگی هێنایە ئاراوە بۆ برەودان بە کاری میدیایی بەتایبەتی لەڕووی ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەوانی لەرێگەی 1.دەرکردنی پەیماننامەی شەرەف و پیشەیی بۆ پاراستنی ئازادی نووسین و بڵاوکردنەوە، 2.دەرچوواندنی یاسای تایبەت بۆ سنوردارکردنی قۆرخکاری لەبواری میدیا، 3.بونیادنانی ئەنجومەنی میدیایی بۆ چاودێریکردنی ڕەوشی میدیا، هەروەها 4.ڕێکخستنی پێدانی کۆمەک بەدامەزراوە میدیاییەکان.

# بەشی سێیەم
# پارەدارکردنی"تمویل" دامەزراوەکانی میدیا

# پارەدارکردنی "تمویل" دامەزراوە میدیاییەکان

- وەک هەستپێکراوە میدیا لە ئێستادا بووەتە پیشەسازییەکی زەبەلاحی فراوان کە خاوەنی ئابووری تایبەت بەخۆیەتی. جۆرە پیشەسازییەکە خاوەن پشتیوانییەکی جێگیرە و بەئاسانی لەناوناچێت. لەبەرئەوەی دامەزراوە میدیاییەکان دامەزراوەی زەبەلاحن بۆیە پێویستیان بەسەرمایەیەکی زۆرە تاوەکو بتوانن لەسەر پێیەکانی خۆیان بووەستن و ڕکابەری دامەزراوە هاوشێوەکانی خۆیانیان پێبکرێت.
- بەم پێیەش هەموو دامەزراوەیەکی میدیایی لەهەوڵی ئەوەدایە کە میکانیزمێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ زیادکردنی داهات و قازانجەکانی و هەروەها ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان خەرجییەکان و داهاتەکانیدا بە ئامانجی بەدیهێنانی سەرکەوتن و بەردەوامبوونی دامەزراوەکە لەکاری میدیایی.

# یەکەم: چەمکی تەمویل "Finance "

- زۆر پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی "پارەدارکردن" یاخود تەمویل کراوە، بەشێوەیەکی گشتی تەمویل بریتییە لە چەند بنەما و پرۆسەیەک بۆ دابینکردنی بڕە دارایی پێویست بۆ پرۆژەیەک لە گونجاوترین سەرچاوەی دارایی فەراهامبووەوە. چونکە تەمویل یەکێکە لە سەرچاوەکانی بونیادنان و دامەزراندنی دامەزراوەیەک یاخود کۆمپانیایەک و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوون و هەروەها فراوانبوونی دامەزراوەکە.
- مەبەست لە تەمویلی دامەزراوە میدیاییەکان دەستخستنی ئەو بڕە داراییە پێویستانەیە بۆ بەردەوام بوون لە دەرچوواندنی پرۆژەیەکی ڕۆژنامەوانی (ڕۆژنامە یان گۆڤار) یاخود بەردەوام بوون لە پەخشی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆ. ئەمەش وابەستەیە بەو بڕە داراییەی کە فەراهام دەکرێت لە سەرچاوەی دیار یاخود نادیار بەمەبەستی مانەوە و بەردەوام بوونی پرۆژە میدیاییەکە لە قازانج و سەرکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا.

# دووەم: جۆرەکانی تەمویل

دەکرێ لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تەماشای تەمویل بکەین، ئەو تەماشاکردنە جیاوازەش دەبێتە مایەی دەستنیشانکردنی جۆرەکانی تەمویل کە بەمشێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

(1) لە گۆشەنیگای ئەو ماوەیەی دەیخایەنێت:

أ–تەمویلی ماوەکورت: ئەمجۆرە تەمویلە ئەو برە داراییە دەگرێتەوە کە ماوەی بەکارهێنانی لە ساڵێک زیاتر نەبێ، بواری بەکارهێنانەکەشی بۆ کرێ و کڕینی کەرەستە و فراوانکردن و گەشەپێدانی وەرزیی دامەزراوە میدیاییەکە دەبێت.

ب–تەمویلی مامناوەند: ماوەی ئەمجۆرە تەمویل کردنە 2–5 ساڵە. تایبەت دەکرێت بۆ کڕینی کەلوپەل و پێداویستی ئامێری تایبەت بەمەبەستی دەستخستنی قازانجی زیاتر.

ج–تەمویلی ماوەدرێژ: ئەمجۆرە تەمویلە بۆ بونیاتنانی سەرمایەیە بۆ دامەزراوە میدیاییەکە. ماوەکەی لە 5ساڵ زیاترە و زیاتر بەمەبەستی فراوانکردنی ڕیشەیی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا خەرج دەکرێت.

(2) لەگۆشەنیگای سەرچاوەی دەستخستنییەوە:

أ–تەمویلی خودیی(نێوخۆیی): ئەمجۆرە تەمویل کردنە یەکێکە لەگرنگترین جۆرەکانی تەمویل کە لە نێوخۆی دامەزراوە میدیاییەکەوە دەست دەخرێت.

ب–تەمویلی دەرەکی: تەمویلی دەرەکی لە ئەنجامی پەنابردنە بەر پاشکەوتی دارایی دامەزراوە میدیاییەکەوە وەدەست دێت بە زیادکردن و خستنەڕووی پشکەکانی لە بازاڕی داراییدا.

(3) لەگۆشەنیگای ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا بەکاردەهێنرێ:

أ–تەمویلی بەکارخستن: تەمویلی بەکارخستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مامەڵە داراییە ماوە کورتانەیە کە بۆ چالاککردنی بازنەی بەرهەمهێنانی دامەزراوە میدیاییەکە خەرج دەکرێت.

ب–تەمویلی وەبەرهێنان: مەبەست لە تەمویلی وەبەرهێنان ئەو جۆرە تەمویل کردنەیە کە لە پێناوی هێنانەکایەی وزە و توانای بەرهەمهێنانی نوێ یاخود فراوانکردنی توانای بەرهەمهێنانی دامەزراوە میدیاییەکە خەرج دەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە مایەی دەستخستنی قازانج و سەرمایەی زیاتر بۆ دامەزراوەکە.

# سێیەم: ئەرکەکانی تەمویل

- ئەرکی تەمویل واتە دابینکردن برە پارەی پێویست بۆ بونیادنانی دامەزراوەیەکی میدیایی و بەکارخستن و بەڕێوەبردنی. هەروەها بڕیاردان لەسەر شێواز و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو بڕە داراییە بۆ پێشڤەچوونی دامەزراوەکە بە بەرزترین ئاست و چالاکی.
- ئەرکی تەمویل جگە لەوەی کە 1–بایەخدانە بەچۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو بڕە پارانەی بەدەستهاتووە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوە میدیاییەکە، 2–بایەخ بەسەرچاوەی ئەو پارانەش دەدات کە لێوەی بەدەستهاتوون. ئەرکەکانی تەمویلیکردنیش لەڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە دەستنیشان دەکرێین، لەوانە:

# ئەرکەکانی تەمویلیکردن لەڕێگەی چەند ئاماژەیەکەوە دەستنیشان دەکرێت

1–شیکارکردنی داتا داراییەکان: ئەم ئەرکە تایبەتە بە گۆڕینی داتا داراییەکان بۆ شێوازێک کە بەهۆیەوە خاڵی بەهێزی پێگەی دارایی دامەزراوە میدیاییەکە دەخاتەڕوو.(لەکام سەرچاوە زۆرترین داهات بەدەست دێت)

2–شیکارکردنی پەیکەربەندی موڵک و ماڵی دامەزراوەکە: بەهۆی ئەم شیکارەوە قەبارە و بڕی ئەو پارانە دەستنیشان دەکرێ، کە وەبەرهێنانی پێدەکرێت لە موڵک و ماڵی جێگیرو گوازراوەدا.

3– شیکارکردنی پەیکەربەندی دارایی دامەزراوەکە: پەیکەربەندی دارایی دوو لایەنی گرنگی بڕیاردان دەخاتەڕوو لەبارەی تەمویلی ماوەکورت و ماوە درێژ، هەروەها لە هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوە لەبارەی قەرزی ماوەکورت و ماوەدرێژەوە بۆ سوود و قازانجی دامەزراوە میدیاییەکە.

# چوارەم: سەرچاوەکانی تەمویلی دامەزراوە میدیاییەکان

تەمویلی دامەزراوە میدیاەکان یەکێکە لەو میکانیزمانەی دەستخستنی دارایی کە دامەزراوە میدیاەکان بەوردییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، چونکە خاوەنداریەتی و شێوازی تەمویلکردنی دامەزراوە میدیاییەکان، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر قەبارە و جۆری ئەو بەرهەمانەی ئامرازە بینراو و بیستراوەکانی میدیا پەخشی دەکەن، ئەستەمە ئامرازێکی میدیا پارەی پێویستی لەبەر دەستدا نەبێت، بتوانێت بەگوێرەی پێویست ڕاگەیاندکاری کارامە و بە ئەزموون دابمەزرێنێت، بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بڕگە و بەرنامانەی ئامانجەکانی دامەزراوە میدیاەکە بەدی دەهێنن. بەتایبەت ئەو دامەزراوە میدیاانەی لە وڵاتێکی دیموکراسی بەرهەمەکانیان دەردەچێت و ئازادانە کاردەکەن، بەگرنگ وەرگرتنی خەرجی و داهاتی میدیا لەلایەن دامەزراوە میدیاەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی ناوەندێکی کارگێڕی لەبەڕێوەبردنی ئابورییانەی دامەزراوەکە. بۆیە سەرکەوتنی بەڕێوەبردن لەناوەندێکی میدیاییدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی هەموو لایەنە داراییەکانی ئەو ناوەندە.

# تەمویلی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان (1)

هەموو دامەزراوەکی ڕۆژنامەوانی لەهەوڵی زیادکردنی داهاتەکانیدایە تاوەکو لە بودجەی دامەزراوەکەدا لە بەرامبەر خەرجییەکانیدا قازانج بەدەست بهێنێ، چونکە پێوەری سەرکەوتنی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان بەندە بەڕادەی قازانجی ئەو دامەزراوەیە. بۆ زانینی پێوانەکردنی داهاتوو خەرجی ڕۆژنامە، خەرجی و داهاتەکان لەدامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەمجۆرە پۆلێن دەکەین:

**یەکەم: خەرجییەکانی (Expenses)دامەزراوەکە:**

مەبەست لەخەرجییەکان یاخود تێچوون دوو جۆرە: خەرجی ژمێریاری کەدەدرێت واتە (بڕی ئەو تێچوونەی کە خەرج دەکرێت لەڕۆژنامەدا لەماوەیەکی دیاریکراودا) کە ئەمیش جیاوازە لەخەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە لەکاتی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ کەسێکدا، بەخەرجی ناڕاستەوخۆ دادەنرێت لەبەر ئەوەی کۆشش و کات بەفیڕۆ دەدەیت لەگەڵیدا. تەنانەت خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنە لەڕۆژنامەکەدا بەتێچوون لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دادەنرێت لەبەرئەوەی لەلایەن خوێنەرەوە ئەو خوێندنەوەیە کاتی دەوێت و دەبێتە هۆی وەستان لەکاریکیتر کەپێویستە جێبەجێی بکات.

# جۆرەکانی تێچوون

أ–خەرجییە نەگۆڕەکان (Fixed Expenses) خەرجی نەگۆڕەکان کە خەرجییەکانی وەک کرێی زەوی و باڵەخانە و کۆگا و ئامێرەکانی چاپ و دامەزراندنیان و کەلوپەلی دامەزراوە میدیاەکان دەگرێتەوە.

– باڵەخانەی دامەزراوەکە: هەر ڕۆژنامەو دامەزراوەیەکی میدیا پێویستی بە باڵەخانەیەکی گونجاو هەیە کە ڕادەی پێویستییەکانی ئەو دامەزراوەیە جێبەجێ بکات، واتە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان بەلای کەمەوە پێویستی بەساختمانێکی چەند ژوری هەیە کەتیایدا بەپێی پسپۆرییان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەدا. بوونی ژوری تایبەتی یارمەتی دادەت لە باشتر بەڕێوەبردن و زۆرتر کارکردن، کە ئەوانیش ژورەکانی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین و تایپێست و پەیامنێران و دیزان و کارمەندانیتر.

– ئامێرەکان: هەڵسوڕانی ڕۆژنامەو دەکردنی پێویستی بەهەبوونی ئامێری نوێ و پێشکەوتووەکانی (کۆمپیوتەر، فۆتۆکۆپی، پرنتەر)هەیە، هەروەها پێویستی بەهێڵی ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفزیۆن و کامێراو ڕێکۆردەرو تەلەفۆن هەیە. وەک بەشێکی گرنگ لەوەرگرتنی هەواڵ و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی جۆراوجۆر. جگە لەپێویستییەکانی ڕۆژنامەوانی پێویستیان بەئامێری ساردی و گەرمی هەیە بۆ پشوودان و بەردەوامبوونی کارکردنی ڕۆژانە.

# جۆرەکانی تێچوون

ب-خەرجییە گۆڕاوەکان (Variable Expenses) خەرجییە گۆڕاوەکان کەبریتییە لە تێچوونی نووسین(تکالیف تحریر)، کە مووچەی نووسەران و کارمەندەکان و پاداشتی نووسەران نرخی کاغەز و کەرەستەی چاپ و خەرجییەکانی هاتووچۆ و خەرجی دابەشکردنی ڕۆژنامە و باج دەگرێتەوە.

- مووچە: ئەو کارمەندانەی لەڕۆژنامەدا کاردەکەن لەبەرامبەر پێدانی پارەیەکی مانگانە دەبێت، یاخود لەبەرامبەر بەخشش دەبێت، کە لەهەندێک دامەزراوەی ڕۆژنامەوانیدا هێندە پارەیەکی کەمە دەچێتە خانەی خۆبەخشەوەو لەهەندێ دامەزراوەی تریشدا بڕەکەی باشترە لەمووچەی کارمەندانی حکومی، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی کارمەندانی حکومی لەوانەی شارەزاییان لەبواری ڕۆژنامەوانی هەیە هەردوو کارەکە دەکەن، یاخود دەستهەڵدەگرن لەکاری حکومی و لەبەرامبەردا کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن.

- پاداشتی بابەتەکان: پاداشتی بابەت لەبەرامبەر هەر نووسینێک لەڕۆژنامەکەدا دەدرێت بەنووسەرەکەی، کە ئەمەش یەکێکە لەهونەرەکانی مانەوەی ڕۆژنامەو دەرچوونی بەبەردەوامی وەک خەرجییەکی گۆڕاوی بەردەوام لەڕۆژنامەکەدا هەژمار دەکرێت.

# جۆرەکانی تێچوون

- خەرجی چاپ و بڵاوکردنەوە: ئەو ڕۆژنامانەی خاوەنی چاپخانەی خۆیانن، ئەوا وەک خەرجی نەگۆڕ هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەوانەی خاوەنی چاپخانەی خۆیان نین و لەچاپخانەی ئەهلی(بازرگانی) یاخود حکومی ڕۆژنامەکە چاپ دەکەن. پێویستە لەبەرامبەردا بڕێک پارە بدەن، ئەم بڕە پارەیەش دەچێتە خانەی خەرجی گۆڕاوەوە.

- خەرجی ڕۆژانە: خەرجی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە لەڕێکخستنی ناو دامەزراوەو کاروبارە ڕۆژنامەوانییەکاندا خۆ دەبینێتەوە، هاتووچۆی کارمەندان و پەیامنێرانی دامەزراوەکە لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی ڕۆژنامەوانی، هەروەها ئەو هاوکاری و یارمەتییانەی خەرج دەکرێت، لەگەڵ خەرجی سوتەمەنی و چاککردنەوەی ئامێرەکان، خەرجی ئاوو کارەبا و هەروەها بەڕێوەبردنی ڕۆژانە. هەربۆیە ئەمجۆرەزۆرترین ڕێژە لەخەرجی گۆڕاو ەخۆدەگرێت.

- خەرجی ڕیکلام کردن و بەبازاڕکردن: هەموو دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانی پێویستی بە جۆرێک لەخەرجی هەیە بۆ بەبازاڕکردن و خۆناساندن تاوەکو ڕادەی فرۆشی زیاتر بێت لەبازاڕدا.

- خەرجی هێنان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا.

## دووەم: داهاتەکانی دامەزراوەکە (Revenues)

ڕوانینی ئابورییانە بۆ هەر پرۆژەیەکی ئابووری خۆی دەبینێتەوە لە هەژمارکردنی داهات لەسەرمایەی وەبەرهاتوو لەوپرۆژەیەدا، ئەگەر وایدابنێن ڕۆژنامە پرۆژەیەکی ئابورییە، خەرجی تیایدا وەبەرهێنانی کەرەستەیە لەپێناو سوودی گشتی، ئەو بڕە داهاتە پوختە چەندە کە لەو چالاکییە بەدەستهێناوە بە بەراوردی ئەو خەرجییانەی کە کراوە.

جۆرەکانی داهات:

1–داهات بەمانا بازرگانییەکەی: ئەمیش دووجۆر داهات دەگرێتەوە

–داهاتی کردەیی (فعلي)

–داهاتی چاوەڕوانکراو (متوقع)

داهاتی کردەیی (فعلي): مەبەست لەو داهاتە نەختینەیە کە دامەزراوە میدیاەکان لەبەرامبەر فرۆشتنی ڕۆژنامە و ئەو ڕیکلام و ئاگادارییانە دەستی دەکەوێت کە ڕۆژانە بڵاویان دەکاتەوە، فرۆشتنی جێگر نییەو هەندێجاریش بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی گتی نرخ دەگۆڕێت، هەروەها ڕیکلامە بازرگانییەکان بەپێی جۆری ڕیکلامەکان بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان یان کۆمپانیا پیشەسازییەکان نرخەکەی دەگۆڕیت.

بۆیە دەتوانین داهاتی کردەیی لە حەوت بەشی سەرەکی کۆبکەینەوە:

أ- دابەشکردنی ڕۆژنامە و هاوبەشیکردن: دابەشکردنی ڕۆژنامە دەچێتە گرنگترین خاڵ لەبەدەستهێنانی داهات لەڕۆژنامەدا، چونکە داهاتەکەی ڕاستەوخۆ وەدەست دێت و شێواز و چۆنییەتی دابەشکردنی ڕۆژنامە بەشێوەیەکی فراوان دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی هەر سێ خاڵی پێشتر، هەروەها چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەن کە کار لەسەر دابەشکردنی ڕۆژنامەدەکەن، هەندێکیان ئابوورین و هەندێکی تریان سیاسین هەندێکی تریان کۆمەڵایەتین.

ب-ڕیکلام: ڕیکلام لای سەرمایەدارەکان و بازرگانەکان پەیامێکی گرنگی زیادکردنی ڕێژەی فرۆشتن و قازانجە، بۆیە ئەم تێڕوانینەی ئەوان دەبێتە بەشێکی گرنگی داهاتی دامەزراوە میدیاەکان بەتایبەتی لە وڵاتە پێشەکەوتووەکان بەڕادەیەک داهاتی ڕیکلام لە نیوەی داهاتەکانیتر زیاترە.

ریكلام زۆر ڕۆڵی كاریگەر و ئەرێنی دەبینێت كە دەبێتە مایەی سەركەوتنی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییە لەوانەش:

– داهاتێكی دارایی بۆ دامەزراوەكە بەدیدەهێنێت، كە دامەزراوەكە لەزۆر بارگرانی دارایی دەرباز دەكات.

– پەیكەری ئابووری دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەكە پتەو دەكا و سەربەخۆیی ئابووری فەراهام دەكا بەجۆرێک كە بتوانێ ببێتە خاوەنی چاپخانەی تایبەت بەخۆی و هەروەها فەراهامكردنی زۆر پێداویستیتر.

– هاندەرێكی سەرەكییە لە بڵاوبوونەوە و ناساندنی ڕۆژنامەكە و هەروەها كەمبوونەوەی تێچوون و نرخی ڕۆژنامەكە و تاوەكو بەئاسانی بگاتە دەستی خوێنەر.

– هاندەرە بۆ گەشەپێدانی كاری ڕۆژنامەوانی، چونكە لەكاتی زیادبوونی داهاتی ڕیكلامدا دامەزراوە دەتوانی ژمارەی كارمەند و پەیامنێرەكانی زیاتر بكا و خولی ڕاهێنانیان بۆ بكاتەوە و ژمارەی لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكەش زیاد بكات.

– دەبێتە مایەی زیادكردنی مووچەی كارمەندانی دامەزراوەكە.

– ڕیكلامەكان هۆكارن بۆ ئاشناكردنی بەكاربەران بە تایبەتمەندییەكانی شمەک و كاڵای نوێ، هەروەها بەبازاڕكردنی كاڵاكان.

ج–ئاگاداری(ئاگانامە): مەبەست لە ئاگاداری، ئاگادارکردنەوەو سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرە بۆ هەریەکە لەو کەسانەی لایەنی ئاگادارکەرەوە دەیخاتەڕوو، جا ناواخنی ئاگادارییەکە بڕیارێکی میری یان هەلێکی خوێندن، یان خستنەڕوی هەرکەلوپەلێکی بازرگانی بێت.

د– فرۆشتنی ڕۆژنامە: یەکێکە لەداهاتە کردەییەکان و بەپێوەرێکی گرنگی بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکە دادەنرێ، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی فرۆشتنی رۆژنامە مانای بوونی خواست نیشان دەدات لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە لەلایەن خوێنەرانەوە، بوونی خواستیش مەرجێکی ئابوورییانەیە.

هـ–چاپکردن و بەخشی بازرگانی: جۆرێکیتر لە داهاتەکردەییەکان بریتییە لە چاپکردن و پەخشکردنی بازرگانی بۆ کەسانیتر، ئەمەش وا دەکات چاپخانەکە بەردەوام بێت لەکارکردن و سوود لە زۆرترین کاتی ماوە وەربگیرێت.

و–فرۆشتنی ژمارە گەڕاوەکان و پاشماوەی چاپکردن.

ز– داهاتە نادروستەکان: کە لەڕێگەی بەرتیل وەرگرتن لەتاک و یاخود کۆمپانیا و دامەزراوەکان و حکومەتەوە دەدرێت بەدامەزراوەکە لەبەرامبەر بێدەنگ بوونیان یاخود قسەکردن لەبارەی بابەتەوە بەویستی ئەوان.

-داهاتی چاوەڕوانکراو: ئەگەر وامان دانا دامەزراوەی میدیا پرۆژەیەکی بازرگانییە و مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجە و هەموو ڕاپۆرت و نوسین و هەواڵەکانی وەک هەر کاڵایەکیتر لەبازاڕدا دەفرۆشرێت.

بۆ نمونە لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کە لەهەندێک سایتدا بەپارەیەو، تەنها ئەو کەسانە دەتوانن سوودمەندبن لێی کە کارتی ئەلیکترۆنی بانکییان هەیە، واتا لەبەرامبەر خوێندنەوەو کردنەوەی لینکی ڕۆژنامەکەدا بڕێک پارە لە حیساب بانکی خوێنەرەکە کەمدەبێتەوە و دەچێتە سەر حیساب بانکی ڕۆژنامەکە، یاخود ئەو داهاتانەی بەهۆی دانانی لینکی گوگڵ (Google adds) دەچێتە سەر حیساب بانکی، ئەمانە بەداهاتی چاوەڕوانکراو هەژماردەکرێت.

2-داهات بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی: ئەمیش دووجۆر داهات دەگرێتەوە:

-داهاتی ڕاستەوخۆ

-داهاتی ناڕاستەوخۆ

-داهاتی ڕاستەوخۆ: کۆی ئەو داهاتانەیە کە جەماوەر دەستی دەکەوێت لە ئەنجامی خوێندنەوەی بابەتە میدیاییەکانی وەک هەواڵ و ڕاپۆرت و نووسین..هتد. دەتوانین ئەم داهاتە هەژمار بکەین لە بەراورد کردنی ئەو تاکانەی کە بینەرو خوێنەرو بیسەری بابەتە میدیاییەکانن لەگەڵ ئەو تاکانەی گرنگی نادەن بە بابەتە میدیاییەکان. بۆ نمونە ئەو خێزانەی کە بەردەوام ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەچێتە ماڵەکەیان لەڕوی پەروەردەییەوە منداڵەکانیان تەندروستردەبن لەو خێزانەی کەهیچ ڕۆژنامەیەک ناچێتە ماڵیان.

-داهاتی ناڕاستەوخۆ: کۆمەڵێک پاشماوەی ئەرێنین لەسەر ئەو کەسانەی کە خوێنەری بابەتە میدیاییەکانن دروست دەبێت و بەدواداچوونی لەسەر دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەلی داهێنان و پێشکەوتن و وشیاری و دروستکردنی توانای نوێ و زیادکردنی ڕۆشنبیری و زانیاری جۆراوجۆر. هەموو ئەمانە سودی ئابوریان هەیە و کە ناتوانرێت بپێورێت یان دیاری بکرێت لەڕوی چەندێتی و نەختییەوە. لەداهاتوودا بەشداری دەکات لەزیادکردنی بەرهەمی ئەو خوێنەرانە و هەروەها وشیاری تەندروستی تیایدا دەبێتە هۆی پاریزگاریکردن لەسەرمایەی مرۆیی و دەبێتە داهات بۆ کۆمەڵگا.

## (2) تەمویلی دامەزراوە بیستراوەکان(ڕادیۆ)

بەشێوەکی گشتی چوار جۆر سیستمی بەڕێوەبردنی دامەزراوە میدیاییەکان هەیە لەجیهاندا کە ئەوانیش بریتیین لە:

أ-سیستمی حکومی (Governmental System) : لەم سیستمەدا حکومەت خۆی بۆخۆی دامەزراوەکە بەڕێوە دەبات و کاروبارەکانیان ڕێکدەخات، لەسەر ئەو بنەمایانەی لەگەڵ حکومەتەکەیدا دەنگونجێت، دەوڵەت لەهەموو روییەکەوە تەمویلی ئەم کەناڵانە دەکات، لەهەمانکاتیشدا ڕێگە بەڕیکلام و ئاگانامە بازرگانییەکانیش دەدات، بەمەرجێک داهاتەکانیان بۆ دەوڵەت بگەڕێتەوە، نمونەی ئەم سیستمە لە کوباو سوریا پەیڕەو دەکرێت.

ب-سیستمی بازرگانی (Commercial System) : لەم سیستمەدا دامەزراوەکە هیچ پەیوەندییەکی بەحکومەتەوە نییە لەڕوی تەمویلەوە، بەڵام پابەندن بەیاساو بڕیارەکانی دەوڵەت، بۆیە هەرکەس و گروپ و کۆمپانیایەک پابەندبێت بەو یاسایانەوە دەتوانێت دامەزراوەیەکی تایبەتمەند دابمەزرێنێت.

داهاتە داراییەکانی ئەمجۆرە دامەزراوە میدیاانە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ڕێکلامەوە دەبێت، کە لە شێوەی سپۆنسەری بەرنامە، یاخود ڕێکلامی جیاجیا لە ڕێگەی کاتەکانی پەخش بڵاودەکرێنەوە، هەروەها لە ڕێگەی بەرهەمێنانی بەرنامەی بازرگانی کە دەیفرۆشێ و هەناردەی دەکات.

سەرچاوەیەکی دیکەی تەمویلکردنی دامەزراوە میدیاەکان، بریتییە لە هاوبەشی وەرگرەکان، واتە جەماوەر بۆ ئەوەی سودمەند بن لەو ناوەڕۆکە میدیایەی ئەم کەنالانە پێشکەشی دەکەن، بەرامبەر بەوە ئابوونەیەکی مانگانە یاخود سالانە دەدات بە کەناڵەکە، بە تایبەت یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەو میدیاە ئەرکی هەواڵی و ڕۆشنبیرکردنی بەشداربووەکانیەتی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەکان بە کوالیێتییەکی بەرز.

ج-سیستمی قۆرخکاری (Monopoly System) : بەپێی ئەم سیستەمە دەوڵەت مافی پەخشکردن دەداتە دەستە گشتییەکان یان تایبەتییەکان، کە پانتاییەکی فراوانی ئازادی پێدەدرێت، بەو پێیەی حکوومەت بەڕێوەی نابات و دەست لە کارەکانی وەرنادات، بەڵکو تەنیا سەرپەرشتی دەکات، لە ڕێگەی دانانی ئەنجومەنێکی کارگێڕی کە حکوومەت و ئەندامەکانی دەست نیشانیان دەکات، ئەم دەستەیە مافی دەست تێوەردانی نییە لەکاری میدیا، تەنیا لە بارێکدا نەبێت ئەگەر هەستیان بەوەکرد سەرپێچی و پێشیلکاری هەیە لە پابەندبوون بە ڕێنمایی و چوارچێوەی گشتی کارکردنی ئامرازەکانی میدیا، دەکرێ ئەم سیستەمە بە سیستەمێکی ئاوێتەی ناوببەین بەو پێیەی ئاوێتەیەکە لە هەردوو سیستەمی حکوومی و بازرگانی.

# (2) تەمویلی دامەزراوە بیستراوەکان(ڕادیۆ)

**د– سیستمی تێکەڵاو (Pluralistic System) : واتە خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ دامەزراوە میدیاییەکان و کارپێکردنیان لەلایەن دامەزراوەگشتییەکانەوە، بەشێک لە وڵاتەکان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتەکەیان، پەنا دەبەنە بەر کارکردن بە زیاتر لە سیستەمێک، بۆیە پێی دەگوترێت سیستەمی تێکەڵاو، تیایدا دەوڵەت دەستەی ئێزگە و تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆی دەبێت، لە هەمانکاتدا مۆڵەتی دامەزراندنی ئێزگە و تەلەفزیۆن دەداتە تاکەکان و دەستە و کۆمپانیا گشتی و تایبەتیەکان، بە گوێرەی ڕێکەوتنێک ماف و ئەرکی هەریەک لە دەوڵەت و دامەزراوە میدیاەکە دیاری دەکات، نمونەی ئەم سیستمانە لەسوید و سویسرا و هۆڵەندا پیادە دەکرێت، دەوڵەت خاوەنی هەموو کەناڵەکانە، بەڵام دەستەو دامەزراوەی سەربەخۆ پرۆگرامەکان ئامادە دەکەن و بەڕێوەی دەبەن، دەوڵەتیش چاودێرییان ناکات. دیارترین نمونەش بۆ ئەم سیستەمە دەستەی پەخشی ئێزگە و تەلەفزیۆنی کەنەدایە (Canadian Broadcasting) (C.B.C).**

# (3) تەمویلی دامەزراوە بینراوەکان(کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان)

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لەپێناو مانەوەیان لەنێو کەشوهەوای ڕکابەریکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر، پەنا دەبەنە بەر هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی دارایی و داهاتیان، ئەگەرچی تاوەکو هێستا بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست نییە ئەو ڕاستییە بسەلمێنیت کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان توانای دابینکردنی تێچوونەکانی بەکارخستنی بەتەواوی دابین بکات.

بەشێوەیەکی گشتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان چەند سەرچاوەیەکی داهات و تەمویلی جۆراوجۆرییانان هەیە کە بریتیین لە:

1. داهاتەکانی ڕیکلامی بازرگانی.

2. داهاتەکانی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی ژمارەیەکی تایبەتەکان کەناڵەکە و کورتەنامە.

3. داهاتی ئەو بەرنامە و درامایانەی کەناڵەکە بەرهەمی دێنێت و دوایی دەیفرۆشێتەوە، وەک ئەو بەرنامانەی لەلایەن کەناڵە ئەمریکی و خۆرئاواییەکان بەرهەمدەهێنرین و کەناڵە عەرەبییەکان دەیانکڕنەوە و دووبارە پەخشی دەکەنەوە.

4. بەرنامەکانی ڕکاربەری و کێبڕکێ کردن لەنێوان گەنجان بۆ دەرخستنی لێهاتوویی و کارامەییەکانیان، بە تایبەت لەبواری گۆرانی گوتن و پەیوەستکردنی کێبڕکێکردنەکە بە دەنگدانی جەماوەر بۆ هەڵبژاردنی باشترین گەنجی بەهرەدار.

5. بەرنامەی پێشبڕکێ، کە ژمارەیەک لە خەڵک بەشداری تێدا دەکەن بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، تیایدا خەڵاتی گرانبەها دابەش دەکرێت.

- ❑ سەبارەت بە سەرچاوەکانی تەمویلکردنی کەناڵە گشتیی و فەرمییەکان تەنها لە سێ سەرچاوەوە دەبێت ئەوانیش بریتیین لە:

أ– باجی ڕێپێدان بە بینین و تەماشاکردنی بینەر بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.

ب– بودجەی پێدراو لەلایەن حکومەتەوە.

ج– ڕیکلامی بازرگانی.

- **بەشێوەیەکی گشتی تەمویلی دامەزراوە میدیاییەکان لە وڵاتانی خۆرئاوادا بۆ سێ مۆدێلی سەرەکی پۆلێن دەکرێت، کە ئەوانیش میدیای حکومی و میدیای تایبەتن.**

**1. میدیای حکومیی فەرمی**

**لەم مۆدێلەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا، لە ئەمەریکا هیچ ڕاگەیاندێکی فەرمی نییە سەر بە حکومەت بێت و ئاراستەی هاووڵاتیان بکرێ، بەڵکو میدیایێک هەیە لەلایەن حکومەت سەرپەرشتی دەکرێ و ئاراستەی دەرەوی ئەمەریکا دەکرێ، ئەم میدیاە ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە و خزمەتی بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکرێ وەک (ڕادیۆی سەوا، کەناڵی حوورە) بوودجەی ئەم دەزگایانە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکییەوە پەسەند دەکرێت، ڕەهەندی قازانج و داهاتی ئابووری لەبەر چاو ناگرێت .**

- ❑ لە ئەوروپایە میدیای حکومی بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت بە تایبەتی تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان، لە ڕووی شێوازی خاوەنداریەتی و پارەدارکردنیان چەند جۆرێکن لەوانە :

أ. (BBC)ی بەریتانی دەستەیەکی حکومی سەربەخۆیە، سەرچاوەی داهاتەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە ئابوونەی هاوبەشەکانی کە بەشێوەی ناچارکردن (اجباری) لەوانە وەردەگیرێ سەیری کەناڵەکانی دەکەن، لەم کەنالانە ڕێکلام پەخش ناکرێت.

ب. مۆدێلی فەرەنسی و ئەڵمانی، لەم دوو وڵاتەدا کۆمەڵێک تەلەفزیۆنی نیمچە حکوومی هەیە، ئەم تەلەفزیۆنانە بەشێک لە داهاتەکانیان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە دەست دەخەن، بەشەکەی تری بریتییە لە پشتگیری سالانەی حکومەت، ئەویش بە دوو شێوەیە:

ج . کەناڵە هەمەڕەنگە گشتییەکان: لەم جۆرەدا ڕێکلام زۆر نمایش دەکرێ بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری بینەر.

د. کەناڵە ڕۆشنبیرییە مەعریفییەکان: وەک (ARTE)ی ئەڵمانی و فەرەنسی هاوبەشە، لەم جۆرە کەنالانەدا لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێ بەهۆی کەمی ڕێکلام.

**2. میدیای تایبەت**

**ئەم جۆرەی میدیا پشت بە ڕێکلام دەبەستێت وەک سەرچاوەی سەرەکی داهات، جگە لە هەندێ سەرچاوەی دیکە وەک هاوبەشی وەرگرەکان و فرۆشتنی بەرهەمەکان.**

**3. میدیای مەعریفی**

**کۆمەڵێک گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆنی نوێنەرایەتی ئەمجۆرەی میدیا دەکەن، سەرچاوەی سەرەکی ئەم جۆرە بریتییە لە هاوبەشی وەرگرەکان و فرۆشتنی بەرهەم و بابەتەکانیان لەمانەش گۆڤاری (ناشیۆنال جوگرافیک)ی ئەمریکی و گۆڤاری (جیو)ی ئەڵمانی و گۆڤاری (مۆکس) بەریتانی.**

## پێنجەم: ئەوهۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی تەمویل کردن هەیە:

دەکرێ بەشێک لەو فاکتەرانەی کاریگەرییان هەیە بەسەر پارەدارکردنی ئامرازەکانی میدیا بەم شێوەیە بخەینەڕوو :

1. سیاسەتی دارایی حکومەت و نرخدانان بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی میدیا پشتی پێ دەبەستێت.

2. باجەکان کە دەخرێتە سەر چالاکی ئامرازەکانی میدیا، ڕەنگە حکومەت بە پێویستی بزانێت ئامرازەکانی میدیا یان بەشێک لەوان لە باج ببەخشرێن یان بە نرخێکی هەرزان خزمەتگوزاری پۆست و تەلەفزیۆن بخاتە بەردەستیان.

3. یارمەتییە داراییەکان، وەک پێدانی قەرزی ئاسان و ئەو گەرەنتیانەی پێویستن بۆ کڕینی کەلوپەلەکان، یاخود بەشێک لە خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانی لێ بکڕێت.

4. ڕێکلام سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ پارەدارکردنی ئامرازەکانی میدیا، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەکەرتی تایبەتن.

5. یارمەتییە دەرەکییەکان.